## نووسین و یەکگرتووی ئیسلامی ... مافپەروەر: ئارام موحسین گەردی

نووسین هەستی پەنگ خواردووی ناخی نووسەرە، ئەگەر نەیکات شێت دەبێت. نووسەر دوو جۆرە شت دەبینێت، یەکیان ئەوانەی خەڵکی ئاساییش بە سانایی تێبینی دەکەن، دووەمیان تەنها ئەو دەیبینی و بۆخەڵکی ئاسایی بەیان دەکات.

لەنێو دونیای نووسینی ڕاستەقینە کۆمەڵێك کێشە ڕووبەڕووی نووسەرەکە دەبێتەوە، کە زەرووره سڵی لێنەکاتەوەو شانازی پێبکات، تەنانەت گرتن و ئازاردانیش. یەکگرتووی ئیسلامی کە گەلآی درەختی ئیخوان موسلمینە، لەهەڵبژاردنی داهاتووی عێراق خۆی لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان جیاکردۆتەوە، بە نیازە لەژێر دروشمی ( (دژ بە گەندەڵی) ) سەرنجی موسڵمانانی کوردستان بۆخۆی کێش بکات.

یەکگرتووی ئیسلامی کە خۆی بەشێکە لە گەندەڵی کوردستان (بەهۆی وەزیرو ئەندام پەرلەمانەکانی) کە بانگەشەی ئەنتی گەندەڵی بۆ دەکات، یەکگرتووی ئیسلامی لەوەتەی درووست بووە توانیویەتی گۆڵ لەپارتی و یەکێتی بکات، دوا گۆڵیشی پێش ئەمەی ئێستای، وەرگرتنی زیاتر لە هەشت کورسی پەرلەمانی کوردستان بوو، لەبری ئەمەش دەنگی خۆیان بە کۆمەڵی ئیسلامیدا، لەو سۆنگەیەوە دەپرسم ( (ئەری دەبێت کۆمەڵی ئیسلامیش هەمان بەزمی یەکگرتوو نەنێتەوە؟؟) )

ئەری ئەگەر جەماعەتی ئیسلامی خورماڵیەکان ڕاست بکەن؟ چۆن دەبێت وەزیرەکەیان سی مۆنیکاو (10) پاسەوانی هەبێت؟ خۆ گەلۆ ئەمەش گەندەڵییە بەپێوەری ئەوان. پارتی و یەکێتیش ئەوەندە خۆیان سەرقاڵ کردووە بە یەکگرتوو (کە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕێکلامێکی هەڵبژاردنە بۆ ئەوان) بەڕای خۆم چاترە خەڵکی کوردستان هانبدەن بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردن و لیستەکەی خۆیان کە ( (730) ) یە.